# بەشی یەکەم

## ماناى پێوان و گرنگى :-

پێوان:  بريتى يە لە پێدانى ژمارە بە سيفات و تايبەتمەنديەكان .

پێوانى پەروەردەيى :- دياريكردنى ديارەدەكان  و رەفتار و تواناى عەقلى سيفەتە دەروونى يەكان و پەروەردەيى يەكان بە شێوەى ژمارە.

وەیەکەم سەرهەڵدانی لەسەر ئەو بیرۆکەی زانا ثۆرندایك بوو ( هەر شتێك هەیە بە بڕ هەیە , وە ئەوەی بەشێوەی بڕ هەبێت دەتوانرێت بپێورێت)

وە پێوەرەکان بواری تایبەتیان هەیە وەکو پێوەری دەروونی یان پێوەری پەروەردەیی یان پێوەری سروشتی .

مەبەستی سەرەکی لەپێوان بریتی یە دەرخستنی جیاوازی تاکایەتی بە هەموو جۆرەکانی , بوونی جیاوازی تاکایەتی بنەرەتێکە کە کرداری پێوان پشتی پی دەبەستێ , واتە ئەگەر بێتوو تاکەکان یەکسان بن لە تایبەتمەندیەکانیان  ئەو کاتە پێویستمان بە کرداری پێوان نابێت

**<u>گرنگی پێوان :-</u>**

**گومانی تێدا نیە کەوا پێوان کردارێکی گرنگە لە پێش کەوتنێکی زانستی بۆ دیاردەکان و گەشەکردنی , بۆ نموونە پێوانی دیاردە سروشتی یەکان دەوەستێتە سەر ووردی ئامرازەکانی پێوانی بەکارهاتوو بۆ پێوانی ئەو دیاردەیە , وە پێوان تەنها لە بواری دیاردەی سروشتی نایە بەڵکو لە بواری تر گرنگی هەیە وەکو :-**

١.بواری پەروەردەو فێرکردن:-

ئەنجامەکانی پێوان لە بواری پەروەردەیی بەکاردەهێنرێ بۆ ناسینی ئاستی توانای قوتابی ..

هەروەها بەکاردەهێنرێت بۆ ئاراستەکردنی قوتابی بۆ جۆری فێربوون وە هەروەها بەکاردەهێنرێ ئەنجامەکانی پێوان بۆ رێنمایە دەروونی یەکان کە رابەری دەروونی لە قوتابخانەکان بەکاری دەهێنن بۆ زاڵ بوون بەسەر هەندێ لەگرفتەکان وەکو ( گونجانی قوتابخانەیی , دواکەوتویی لەخوێندن , رەوشتی شەرانگێزی , وەقۆپیەکردن لەکاتی تاقیکردنەوەدا).

٢. لەبواری بەڕێوەبردن و پیشەیی:-
هەڵبژاردنی کرێکار بۆ هەر جۆرێکی کارکردن یاخود دیارخستنی ئەو تاکانەی کە گونجاون بۆ ئەو کارە یان گونجاونیین , هەروەها ئەوانە کێن کە سوود لە ڕاهێنانەکان وەردەگرن لەڕێنمایەکانی کارکردن , ئاراستەکردنی تاك بۆ جۆری کارکردن کە بگونجێ لەگەڵ لێهاتووی و توانای ئامادەباشی ئەوانە هەمووی پشت دەبەستێت بە دەرئەنجامی ئامرازی پێوانی بەکارهاتوو لەوبوارەدا.

**تایبەتمەندی پێوانی دەروونی و پەروەردەیی:-**

پێوانی پەروەردەیی و دەروونی بەوە جیادەکرێتەوە کە کۆمەڵێك تایبەتمەندی گشتی هەیە کە دەتوانیین بەم خالأنەی خوارەوە دیاریبکەین.

١.پێوان بریتی یە لە برێکی (چەندیەتی , ژمارەیی) بۆلایەنێك لەلایەنەکانی رەوشتی مرۆڤ وە سیفەتی مرۆڤ .

.

٢. پێوانی ناراستەوخۆ

واتە ئیمە پێوانی سیفاتەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ ناکەین وەکو پێوانی ( زیرەکی یان فێربوون وە یان بیرکردنەوە .......) ئەمانە بەشێوەیەکی راستەوخۆ ناپێورێت هەروەکو لە زانستی سروشتی دا هەیە , لەزانستی سروشتی پێوانی کێش دەکەن بە ( کگم , گم) وە بە شێوەیەکی راستەوخۆ وە پێوانی درێژی بە سم یان م دەپێورێت بە شێوەیەکی راستەوخۆ, بەلاّم ناتوانیین پێوانی زیرەکی , وە فێربوون وە بیرکردنەوە بکەین بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەڵکو دەتوانین بە شێوەی ناراستەوخۆ بیپێوین , بۆ نموونە پێوانی فێربوون دەکەین لەرێگەی چەند پرسیارێکەوە بۆ ئەو زانیاریانەی کە پێشتر فێری بووە

.پێوان لەزانستی دەروونی و پەروەردەیی پێوانێکی رێژەیی یە .
٤.سفر لە پێوانی دەروونی و پەروەردەیی سفر مانای نەبوونی سیفەت ناگەیەنێ , هەروەکو لەزانستی سروشتی سفر مانای نەبوونی سیفەت دەگەیەنێ.
٥.هەندێ هەڵە هەن لە پێوانی دەروونی و پەروەردەیی ئەویش بریتین لە :-

⋆ هەڵەی نموونە : لە پرسیارەکان یان لە تاکەکان روودەدات
⋆ هەڵەی خەملاندن لە تاقیکردنەوە روودەدات
⋆ هەڵەی پێکهاتەی کەسایەتی وەکو نەرمی و توندی و رووخۆشی و توورەیی
⋆ هەڵەی لایەنگیری کەلەلایەن مامۆستا بەکاردێت بە چەند هۆکارێك

## جیاوازی نێوان پێوانی پەروەردەیی و پێوانی سروشتی:-

★پێوانی پەروەردەیی

- پێوانی ناراستەوخۆیە
- ڕێژەی جێگیری تێدا کەمە
- ڕێژەی هەڵەی تێدا ( ٥٪) وە کەمتر
- یەکەکانی پێوان جیاوازن
- مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ دەکات

★ پێوانی سروشتی

- - پێوانی ڕاستەوخۆیە
- ڕێژەی جێگیری تێدا زۆرە
- ڕێژەی هەڵەی تێدا (١٪) وە کەمتر
- یەکەکانی پێوان نەگۆڕە
- مامەڵە لەگەڵ ماددە دەکات

## تاقیکردنەوە:-.

تاقیکردنەوە بریتی لەکۆمەڵێك پرسیار پێویستی بەوەڵامدانەوە هەیە , وە تەنها یەك شتمان لەتاك پێدەدات نەك هەموو شت بۆنموونە تاقیکردنەوەی قوتابی لە هەربابەتێك پێدانی زانیاری یە لە ئاستی تێگەیشتنی لەو بابەتە.وەهەروەها لە تاقیکردنەوە وەڵامی راست یان چەوت هەیە , واتە لەکاتی وەلامدانەوەی پرسیار یان وەڵامەکە راستە یان چەوتە

**تاقیکردنەوەی دەست کەوتی خوێندن:-**

تاقیکردنەوەی دەست کەوتی خوێندن یەکێکە لە ئامرازە باوەکانی پێوانەو هەڵسەنگاندن هەروەها بۆتە رێگایەکی سەرەکی کە بەکاردەهێنرێت بۆ ئاراستەکردنی قوتابی بۆ جۆری خوێندن و فێربون ( زانستی , ئەدەبی) وە جۆری کۆلیژ بە پێ ی تێکرای نمرەکانی قوتابی دەبێت.

## گرنگی تاقیکردنەوەی دەست کەوتی خوێندن :-

گومانی تێدا نیە کە تاقیکردنەوەی دەست کەوتی خوێندن ئەگەر بێتوو بە باشی دابنرێت و ئامادە بکریّت وە بەباشی بەکاربهێنرێ ئەوا سوودو گرنگی دەبێت بۆ :-

١.گرنگی تاقیکردنەوەی دەست کەوتی خوێندن بۆ مامۆستا :-

مامۆستا ئەتوانێ لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەست کەوتی خوێندن لەسەر قوتابی یەکانی سوودو گرنگی لێوەربگرێ , بەوەی بزانی ئاستی قوتابی یەکان چەندە لەتێگەیشتنیان لەبابەتەکە واتە زانینی ئاستی قوتابی یە باشەکان و لاوازەکان , وە زانینی ئامادە باشی قوتابی بۆ وەرگرتنی بابەتەکە کە مامۆستا هەڵدەستێ بە ووتنەوەی , هەروەها دیاریکردنی کۆسپەکانی فێربوون لای قوتابی لە رێگەی ئەوانەوە مامۆستا ئەتوانێ رێگای ووتنەوەو شێوازەکەی بگۆرێ بۆ زیاتر تێگەیشتنی قوتابی .

٢.گرنگی تاقیکردنەوەی دەست کەوتی خوێندن بۆ قوتابی :-

ئامرازێکی باشە بۆ فێربوون لەرێگەی دەرئەنجامەکانی دەست کەوتی خوێندن وادەکات قوتابی پاڵنەری زیاتربێت خواستی بەرزی زیاتری هەبێت , هەروەها قوتابی دەتوانێ بەزانینی ئاستی خۆی ئەگەر لاواز بێت ئەوا زیاتر پەرەبەخۆی بدات وە ئەگەر باش بێت هەوڵی باشتر بدات

٣.گرنگی تاقیکردنەوەی دەست کەوتی خوێندن بۆ بڕیاردەر:-
گومانی تێدا نیە کە دەرئەنجامەکانی دەست کەوتی خوێندن
بڕیاردەر بەزانیاری باش دەوڵەمەند دەکات کە ئەو دەرئەنجامە
بەکاربهێنێ بۆ بڕیاردان لە بوارە جیاجیاکان وەکو پێدانی بڕوانامە
ی دەرچوون , هەروەها بۆ ئاراستە کردنی جۆری خوێندن ( زانستی ,
ئەدەبی) هەروەها وەرگرتن لە کۆلیژەکان و پەیمانگایەکان بە پێ ی
ئەو دەر ئەنجامەی کە قوتابی بەدەستی هێناوەلە تاقیکردنەوە

## .جیاوازی تاقیکردنەوە لەگەڵ پێوەر:-

تاقیکردنەوە بریتی لەکۆمەڵێك پرسیار پێویستی بەوەڵامدانەوە هەیە , وە تەنها یەك شتمان لەتاك پێدەدات نەك هەموو شت بۆنموونە تاقیکردنەوەی قوتابی لە هەربابەتێك پێدانی زانیاری یە لە ئاستی تێگەیشتنی لەو بابەتە.وەهەروەها لە تاقیکردنەوە وەڵامی راست یان چەوت هەیە , واتە لەکاتی وەلامدانەوەی پرسیار یان وەڵامەکە راستە یان چەوتە.

بەڵام

بەڵام

پێوەر بریتی یە لە کۆمەڵە برگەیەك بەمەبەستی پێوانی سیفاتەکان و دیاردەکان بەکاردێت وە شامل ترە لەتاقیکردنەوە ئەوەش کە یارمەتیمان دەدات بۆ دەست کەوتنی زانیاری زۆر لەرێگەی ئامرازە زۆرەکانی وەکو: تێبینی , راپرسی , چاوپێکەتن ,وە لەپێوەروەلامی راست یان چەوت نیە بەڵکو کۆکردنەوەی زانیاری یە دەربارەی سیفەتێك , تایبەتمەندیەك, سمات ....

j

**بەپێی راڤەکردن( شیکردنەوەی) ئەنجامەکان دووجۆر تاقی کردنەوە هەیە:-**

**یەکەم :- تاقی کردنەوەی سەرچاوەی مەحەك :-**

بریتی یە لەو تاقیکردنەوەی ئەنجامی قوتابیەك بەراوورد دەکرێت لەژێر رۆشنایی محەکێکی دەست نیشان کراو بەمەرجێك ئاستی قوتابیەکان رەچاوبکرێت , ئەم جۆرە تاقیکردنەوە بلاٌبۆوە لەنێو بواری پەروەردەو فێرکردن لەبەر سوودە زۆرەکانی بۆ بریاردان بە شێوەیەکی بابەتی لەسەر ئاستی فێربوون  وە دەستکەوتی خوێندن ئەم جۆرە تاقیکردنەوە لەسەردەستی زانایەك هاتە کایەوە بە ناوی ( جیلزر).

خاسیەتەکان ( تایبەتمەندی ) تاقیکردنەوەی مەحەك:-
١-دەست نیشانی مەحەك بۆ ئەم تاقیکردنەوە دەکرێت لەسەر بنچینەی شارەزایی مامۆستا وە زانینی ئاستی قوتابیان , بۆ نموونە ئەگەر مامۆستایەکی بیرکاری داوای لە قوتابیان کرد (١٠) پرسیار وەلاَم بدەنەوە لە (١٥) پرسیار ئەوە بەلگەیە لەسەر بەکارهێنانی hمەحك بۆ زانینی تێگەیشتنی قوتابیان,

٢) لەم جۆرە تاقی کردنەوە بەراووردی ئەنجامی قوتابی تەنها بە مەحك دەكرێت نەك بە شتێكی تر

٣) تاقیكردنەوەی مەحەكی ئامرازێكە بۆ گەیشتن بە هەڵسەنگاندنی بنیاتنان  بۆیە چەند جارێك بەكاردێت لە گەڵ بابەتێك یان مادەیەك وەهەر مامۆستایەك مەحەكێك دادەنێت بۆ تاقیكردنەوە, وە  سەركەوتنی قوتابییەكە لە یەكێك لە تاقیكردنەوە مانای سەركەوتنی قوتابی لەگشت بابەتابەكە دانانرێت

٤) تاقیكردنەوەی مەحەك دەبێتە دووبەشی سەرەكی بەپێ ی مەبەستەكان:

أ- تاقیكردنەوەی مەحەكی تاك : كە تێیدا دەتوانین بە ئاستی یەك كەس بزانین وە مەحەكێكی بۆ دابنێین , بۆ نموونە : مامۆستا داوا بكات كە قوتابی لە (٨) پرسیار (٥) پرسیار وەلام بداتەوە بەراستی ئەوا مەرجێكە بۆ سەركەوتن.

ب- تاقیكردنەوەی مەحەكی كۆمەڵی:- بەكاردێت لە گەڵ كۆمەڵێك قوتابیان بۆ ئەوەی بزانرێت رادەی جێبەجێبوونی ئامانجەكان چەندە , ئەگەر مامۆستا بزانێت چەند لەبابەتێك تێگەیشتوون ئەوا مەحەكێك دادەنێت بۆ پرسیارەكانی بۆنموونە (٧٠٪) وەلامی راست دەدەنەوە

٥) بۆ مامۆستا هەیە دەست نیشانی نمرەکانی تاقیکردنەوە بکات :
نموونە: کاتێك مامۆستا داوادەکات (٥) پرسیار لە (٨) پرسیار بەشێوەیەکی راست وەلاّ بداتەوە لێرەدا دەتوانیٚ بلّیٚ تۆ سەرکەتووی بە تقدیری ناوەند, بەلاّم ئەگەر ٦ پرسیار وەلاّم دایەوە لە ٨ پرسیار بەشێوەیەکی راست ئەوا تقدیرت باشە , ٧ پرسیار زۆرباشە , ٨ پرسیار وەلام بداتەوە بەشێوەیەکی راست , تقدیری نایابە

٦) تاقیکردنەوەی سەرچاوەی مەحەك دیاری دەکات کە قوتابی چەند دەزانیٚ لە بابەتەکە وە چەندی وەرگرتووە.

**دووەم : تاقیکردنەوەی سەرچاوەی معیار :-**

بریتی یە لە تاقیکردنەوەی کە تێیدا ئەنجامی کارێك یان تاقیکردنەوەیەك قوتابی بەراورد دەکەین بە کۆمەڵەکە خۆی بە مەرجێك رەچاوی ئاستی کۆمەڵەکە بکرێت .

سیفەتەکانی , تایبەتمەندیەکانی : -

١-ئەم تاقیکردنەوە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتمەند دادەنرێت

٢-ئەم تاقیکردنەوەیە ئەنجامی هەریەکە لەبەشداری بوونی تاقیکردنەوە بەراووورد دەکرێت بەکۆمەڵەکە خۆی , واتە نمرەی زیاتر بوو لە پێشەوەی , لێرەدا دەتوانین یەکەمی پۆل , یان بەش , یان یەکەمی سەر قوتابخانە , یان سەر کۆلیژ بە ئاسانی دیاری بکرێت

٣-تاقیکردنەوەی سەرچاوەی مەعیار : هۆکارێکە بۆ دەستەبەر کردنی ئەنجامی کۆتایی .

٣-تاقیکردنەوەی سەرچاوەی مەعیار : هۆکارێکە بۆ دەستەبەر کردنی ئەنجامی کۆتایی .
٤-ئەم  تاقیکردنەوەیە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکە بە گشتی دەکات , نەوەکو لەگەڵ بەشەکانی , یان لقەکانی
٥-ئەم تاقیکردنەوەیە نمرەی  دادەنرێت ,کە نمرەی ٥٠ بەنزمترین و ١٠٠بە بەرزترین نمرە دادەنرێت